www.kurdistannet.org
10-10-2006 18:04 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## له لاپه ڕه ی ڕۆژنامه ی هاولاتی ژماره 294 له برواری 2006/10/4 دەرچووه له ژێر ناونیشانی
## { موخابه راتی عیراق ویستویه تی له ئه مه ریکا بارزانی به ده ستی ڕەشپێستێک تیرۆر بکات }

که تیایدا هاتتوه گوایه ( (رامز هەمزە حەسەن دزەیی) ) موخابەرات رایسپاردوه لەگەڵ من که ((ئیبراهیم تە لعە ت دزه یی)) بیم بە ریز مەسعود بارزانی تیرۆر بکەین.. بەدەستی رەشپێستێکی ئەفریقی.

بۆیه لەم بارەیەوه دەمەوێت چەند روون کردەوەییك بخەمە بەردەست خوێنەران:

بەپێی نووسینەکان کەئەم رووداوه لە بەرواری کانونی یەکەمی ساڵی 1979 رووی داوه. بۆ زانیاریتان من له برواری 1978/11/6 گەڕامەوه عیراق بەرێگای فرۆکه خانەی بەغدا.. وه لەلایەن خزم و کەسوکارم پێشوازیم لێ کرابوو.. ئەوەی باسی لێ ئەکرێت پاش گەرانەوەم بۆ عیراق بە13 مانگه. وه ئەو ماوەیه ش من سەفەری دەرەوەی عیراقم نەکردووه چونکه مەنعی سەفەرم لەسەر بووه لە لایەن رژێمی بەعس. ئەگەر وا بێت من چۆن چوومەته وه ئەمریکا و ئەم پیلانەم دارشت بێ و سەیریش لەوەیه به مەبلەغێکی کەم تەنها دوو هەزار دۆلار. کەچی رژێم ملیۆنەها دۆلاری سەرفی کردووه بۆ تیرۆر کردنی سەرۆك بارزانی. ئەمه لەخۆیدا دووره لە راستی..

من لە ساڵی 1970 لە کۆلیجی عەسکەری دەرچووم لە ساڵی 1973 پێگەیشتنم کرد بە شۆرش. دوای نسکۆی ساڵی 1975 من لە ئێران رۆژی 1976/7/3 چوومەته ئەمریکا.. وئەو ماوەی کە لەوی بووم زۆر نزیك بووم لە جەنابی سەرۆك بارزانی وخوالێخۆشبوو بارزانی نەمر.. چەندەها جار یاوەریم کردووه بۆ شوێنی جیا جیا.

پێش گەرانەوەم بۆعیراق بەماوەییك. جەنابی سەرۆك بارزانیم ئاگادار کردەوه بەنامەییك بەرێگای هجرسندی کەوا ئەگەرێمەوه.

پاش گەرانەوەم مانگی حوزەیران یان تەمووز بو لەساڵی 1979 دامەزرام لە کارگەی مافووری هەولێر بە یاریدەری چاودێر کەمووچەکەی 32 دینار بو.

من لێرەدا ئەلێم ئەگەر پیاوی موخابەرات بوما یه خزمەتیانم کردبێت ئەبوایه فەرمانەکەم و پلە و پایەکەم زۆر بەرز بوایه.. وه ماڵ و سەروەتێکی باش بۆم دابین بکرایه.. نەك فەرمانبەرێك لە کارگەیێك. پاش ئەوه لە ئەنجومەنی تەنفیزی.. بو زیاتر زانیاری ئەتوانن سەیری رۆژنامه ی (الوقائع العراقیه) یاخوت دۆسیەی خۆم کەوا تێیدا نوسراوه لە کوێ وکەی کارم کردوه وژمارەی فەرمانەدەکانیش.. وه ئەگەر موخابەرات بوومایه ئەوماوەی کە لە هەولێر بووم لە 1978/11/6 تاکو 1987/6/7 ئەبوایه خاوەنی خانوو و ئۆتۆمبیل و پلە و پایە بومایه.. بەلام من لەمانه هەمووی بێ بەش بوم.. وه لەوماوەیەی کە لە عیراق بوم کە دوو جار گەرامەوه رۆژێك سەرم بۆ رژێم و بەعس شۆر نەکرد. وه چەندەها خەلکانیش شاهێدی ئەوەنە کە چەند جارێك رژێم هەرەشەو مەترسیان بۆمیان دروست کردوه وه داوای هاوکاریان لێم ئەکرد.

ئێمه لە بنەماڵەییکی ناسراوین لە هەولێر وئەگەر مووخابەرات بومایه خەلکێکی زۆر بەمەیان ئەزانی. یان گەرنەبێ خەڵکێك زەرەرمەند ئەبوو بەدەستمەوه. من جگه لە چاکەو پیاوەتی زەرەری کەسم نەبووه.

ئایه عەقل وەری دەگرێت کەکەسایەتیەکی وەکو سەرۆك بارزانی.. وەکو ووتم رژێم ملیونەها دۆلاری سەرف ئەکرد بۆ تیرۆر کردنی ئێمه.. وه بۆ ئەو کاره دوو هەزار دۆلار تەرخان بکات بۆ ئەنجام دانی!!!

لە ناوەراستی سالی 1987 لە هەولێر دەرچووم ولەسالی 1989 بەرێگای ئێران چوومەتە وولاتی سوید وە نیشتەجێ بوونی پەناهەندیم وەرگرت. ئەوە بوو کە دوای راپەرین لە سالی 1993 گەرامەوە کوردستان.. وە بەبریاری پەرلەمان پلەی (عمیـــد) پێبەخشرا و لەلەشکری کوردستان زۆر بە دلسۆزی کارم کرد.. وە ئەگەر مووخابەرات بوومایە بە فەرماندەی شەخسی بەرێز سەرۆك بارزانی دانەئەمەزرام لە هەوالگری گشتی و یەکێك لەو دۆسێیانە کە من لێ ی بەرپرس بووم دۆسیەی عیراق بوو. ئەی بۆ رۆژێك لە رۆژان مووخابەرات هەرەشەی منیان نەکرد بۆ ئەوەی هاوکاریان بکەم. ئەگەر نا دەکرا بەهەر شێوەیێك ئەم دۆسێیە ئاشکرا بکەن.. بەلام ئاشکرایە ودیارە کە لە رەگەزەوە دۆسێییێکی وا نیە وهەمووی دوورە لە راستی. بەلکو دەستکردەوەی خەلکێلی دلٌ پڕ لەقین هەلیان بەستووە.
ئەگەر مووخابەرات بومایە.. دادگای تایبەتی عیراق (المحکمە الخاصە) لە سالی 2002 بریاری لەسێدارەو نەهێشتنی من و مامۆستا قاسم سلیم مزوری دەرنەدەکرد بەهۆی درۆست کردنی تۆڕی هەوالگری لە ناو لەشکری عیراق.
ئەگەر مووخابەرات بومایە بە فەرماندەی جەنابی سەرۆك بارزانی دانەئەمەزرام بە پلەی مولحەقی لەشکری لە بالێۆزخانەی عیراق لە لاهای. دیارە جێگای باوەڕومتمانەی بەرێزیانم لە کۆتاییدا ئەلیم ئەوەندەی خۆم شارەزاییم هەبووە بە سەرۆك بارزانی لەژیانیدا خوادرنەوەی نەبووە.. ئەمەش درۆیێکیترە لە نووسینەکەی دۆسێیەکەی رۆژنامە ی هاولاتی..
داواکارم لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ووەزارەتی رۆشەنبیری کە رێگا نەدرێت بۆ ئەو جۆرە رۆژنامەنە بۆ بلاوکردنەوەی دۆسێیەکان کە پرە لە درۆ وئاژاوە.

لیوا ئیبراهیم تەلعەت دزەیی
2006/10/10 هۆلەندا